# فڕۆکەخانەی مونیخ

## خوسرەوجاف

بەفر دەباری، لە پشتی جامی پەنجەرە پانوپۆڕەکەی فڕۆکەخانەی مونیخەوە گۆڕەپانەکەی فڕۆکەخانەکە، چەندان فڕۆکەی دوور و نزیک ڕاگیرابوون، باندی نیشتنەوە وەک دوو گوریسی درێژی داگیرساو دەهاتنە چاو، لە ئاسمانەوە فڕۆکەوانەکە دەیدی و دەبوا لە نێوان ئەو دوو ڕیزە چرایەیدا بنیشتایەتەوە، یان هەر فڕۆکەیەک هەڵفڕیبا.

کاتژمێرێکی بۆ فڕینی فڕۆکەکەم مابوو، دەڕۆیشتم بۆ ئەستەنبۆڵ، قاوەیەک و دوانم خواردەوە و بانگەوازی ئامادەبوون بۆ سواربوونیان لە دەنگەوەرەکانەوە جاڕدا، پەلەم نەبوو، "گیتە"کەم لێوە نزیک بۆ لەسەر خۆ پاپشە یاپشە بەرەو "گیت" بەڕێ کەوتم. زۆربەی هاوگەشتەکانم تاک و تەراکێک ڕۆژهەڵاتی دەبینران، زۆربەیان ئەورووپایی بوون.

دەی سەرکەوتم و بەپێی تکتەکەم لە جێی خۆما دانیشتم، زۆری نەکێشا ئافرەتێک لە تەنیشتمدا لێی دانیشت و هەڵاوێکی کرد و وەڵامم دایەوە، ئەگەرچی شۆخی و شەنگییەکەی سەرسامئاوەر بوو، لەژێر چاوە نەبێت، ئەویش بە دزییەوە، دەنا گرنگیم پێ نەدا. بە ئاسمانەوە بووین، بەسەر هەورەوە دەمنواڕییە قووڵایی ئاسماندا ئاخر من بەلای پەنجەرەکەوە دانیشتبووم... بە نووسینەوە خۆم خەریک کرد و کاتژمێر و نیوێک دەبوو بە ئاسمانەوە بووین، ژنە بە ئینگلیزی پرسی: ناوت چییە و خەڵکی کوێی؟

ناوی خۆمم پێ وت و وتم: کوردی عێراقم، ئەی تۆ؟

دەستی درێژکردەوە و لەگەڵ تەوقەکردندا وتی:

من ئەنجیلام و ئیتاڵیاییم....

وتم: دیارە هەرچی ئیتاڵیایی هەیە خزمی یەکن.

وتەکەمی لاسەیر بوو، وتی: چۆن؟

وتم ئەوە نییە کتومت هەر لە سۆفیالورین دەچی!

بە قاقا پێکەنی و هەر پێکەنی، بە دەم پێکەنینەوە، تۆ بەڕاستتە؟

- من ئەهلی گاڵتە نیم و بەڕاستمە، شتێکە تۆزەکێک تۆ بوڵندتری.

ژنە ئەلهەق و وەلئینساف پڕبوو لە زەرافەتی ژنانە، شێوە و شەمایلی لە بابەتی سۆفیالۆرین دەچوو، بە جیاوازییەک چاوی شین بوو، خویم پێوە کرد و ئەشهەدو ئەسپەژن بوو.

پرسی دەمێکە خەریکی نووسینی، دەتوانم بزانم چی دەنووسی؟

وتم: شیعر دەنووسم، هەوێنی شیعرەکەیشم تۆیت!

وتی: من! بۆ من؟

وتم: جا بۆ تۆ نا، بەلای منەوە لەوەیش شایانتری....

وتی: دەتخوا بۆم وەرگێڕە!

وتم: باشە، بەڵام لێگەڕێ با بە زمانەکەی خۆم بۆت بخوێنمەوە تا گوێ لە فۆنەتیکەکەم بگریت، ئەو دەم بۆت وەردەگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی.

وتی: بوەستە با داوایەک بکەم، ژنە هات و داوای دوو پێک شەمپانیای کرد و هێنایان، هەر یەک مژێکمان لێ دا و دەستم بە خوێندنەوەی کرد:

هەزاران پا دوور لە زەوی لەناو هەورا

لە مۆڵگەی پەریزادانی ئاهوورا

ڕوخسارپەری، بە دولبەری

گڕی تێ بەردام پەیکەری

شۆخەکەی چاوتۆخەکەی، نێو نیگا تیژ و تەلیسم

زادەی کام تەیاری، کام بوومی فریشتەی یان بەشەری؟

ئەبرۆ تۆخ و برژانگ تۆختر و تەیمانی

جامی جەمە نواڕینت مەنگی هوەیدایە ئەسەری

چاو چ چاو، شینتر لە قووڵایی ئاسمان

واڵایە، ڕوخسار ئاڵایە، بەژن کەمەری

پەنجەی یەزدانی تیا دیارە

بێ ئاگا کڕنووشم داوە لەبەری

منی داماوی جوانپەرست

نیونیگا دەنوارم سەرسەری

نازی ڕەوایە، دەستکردی خوایە!

پەریزادان و ئەختەری

به هەر فەلاکەتێک بوو، هەڵبەستەکەم وەرگێڕایە سەر ئینگلیزی، هەروەک منداڵێکی نازپەروەر شادمانە، پێدەکەنی...

پرسیم چ هوتێلێکت دابین کردووە؟

- یەشتا نەمکردووە.
- من شوێنێکم دابین کردووە دوو ژوورە لە هوتێل "ترابیا"ی سەر بوغازی بسفۆر، لات خۆش بێت ئەو ژوورەت دەدەمێ.

وتی: بۆنا، زۆریش لام خۆشە، هەروامان کرد.

شوێنەکەی دەینواڕییە سەر بوغازا، یەخجاڵی ژوورەکەیش پڕ بوو لە خواردنەوەی جۆراوجۆر، ئیدی شەو و مەی و جوانی تێکەڵ بووبوو.

بە بەیانیدا بە لوورەی کەشتییەکی پەرچەمسووری چەکووش و داسی لەسەر نەخشابوو، بە لوورەکەیدا جەبەڕووت و دەستەلاتی دەوڵەت و دەستەڵاتی سۆڤیەتی وەدەردەخست.

ژنە بە لەهجەیەکی تێکەڵ بە ڕۆژئاوایی وتی:

"بەیانیت بێش!"

شەوی ئەو وشە کوردییەم فێرکردبوو.

1985 /6/10